# زەرەزو زیانی 250000 ئۆتۆمبیل لـە پارێزگای سلێمانی

ئاوێنە لـەژمارە (48) 2006/12/12 چەند نوسینێکی لـەبارەی ژمارو کێشەی ئۆتومبیلـەوە لـە پارێزگای سلـێمانی وەك هەواڵ بڵاو کردۆتەوە ، بەڕای من ئەم گرفتە وەك دیاردەیەکی نەگونجاو پێویستی بە باس و لێکۆلـینەوەیەکی جددی هەیە ، چونکە گرفتێکی گەورەوگرانی زیانبەخشی بۆشوفێروخەڵکی و حکومەتیش دروستکردوە ، تێڕوانینێکی واقیعیانەی ئەوێت لـە بارەی بوونی ئۆتومبیل بەو ژمارەیە کە ڕەنگدانەوەیەکی باشی نیەو زیانێکی زۆریشی گەیاندوە بە ئابوری وڵات. ئەگەر نەخشەو پلانێکی پیش وەختی حکومەت لـە ئارادا بوایە بۆ ئەم مەسەلـەیە بێگومان ئەمڕۆ توشی ڕوو بە ڕوو بونەوەیەکی وا ئاڵـوز نەدەبوینەوە ، بوونی 250000 ئۆتومبیلـی کۆن و نوێ لـەپارێزگایەکی دواکەوتوی بێ بنەمای ئابوری پیشەسازیی و کشتوکاڵـی ، بێ ڕێگەوبان و شەقامی گونجاو...هتد ئەنجامەکەی ئەبێتە ئافاتێکی کوشندەو زیانبەخش کە ئەمڕۆ بە زەقی ڕەچاو ئەکرێت ، بۆنمونە بە دەیان ملـیۆن دۆلار لـە کوردستانەوە براوەتە دەرەوەی وڵات بۆ کڕینی ئۆتومبیلـی کۆنی ئەوروپا ، ئەگەر هەر ئۆتومبیلـێك لـەڕۆژێکدا بایی سێ دۆلار بە نزین سەرف بکات کۆی پارەکەی ئەکاتە 750000دۆلار لـە یەك ڕۆژدا ، بێئەوەی ئەو پارەیە بەرهەمێکی هەبێت لـە بەر ئەوەی زۆرینەی ئەم ئۆتومبیلانە بەمەبەستیدابینکردنی بەرهەم نەهێنراونەتە وڵاتەکەمانەوە ، زۆرینەی ئەم ئۆتومبیلانە ئامێری(ئاڤگاز)یان تیادا نیە ئەو گازو دوکەڵـەی بیاڵـێوێت ، بە تایەبەتی لـەناو ئۆتومبیلـە کۆنەکاندا ، وە هیچ دەزگایەکیکۆنترۆڵـیش لـە ئیدارەی هاتوچۆی ئۆتومبلـیەوە ئامێرێکی وایان نیە بەدوا چونی خۆی بکات کە لـە خزمەتی ژینگەدا بێت ، هەربۆیە ئە ئۆتومبیلانە کەش وهەوا(ژینگە)ی شارەکانی کوردستانی بەرباد کردوە ، ئەگەرلـەلوتکەی چیای گۆیژەو گڵـەزەردەوە لـەکاتی ئێوارەدا سەیری شاری سلـێمانی بکین ، ئەبینین چ پەڵـە تەمێکی ڕەش وبۆر بەری ئاسمانی شارەکەی گرتوە ، زیانەکانی ڕۆژانەی ئەم چەند هەزار ئۆتومبیلـە لـە باری گیانیەوە هەرگیز کەمتر نیە لـە زیانی نەخۆشی ئایدز لـە خوارووی ئەفریقا ، بێجگە لـەوەی بە ڕۆژانە هزاران دۆلار ئەبرێتە دەرووەی ولات بۆدابین کردنی کەرەسەی یەدەگی بۆ ئەم ئۆتومبیلانە ، وا دیارە پێشوەخت بیرێك لـەچارەسەرکردنی ئەم دیاردەیە نەکراوەتەوە وەك دامەزراندنی کارگە بۆ دابینکردنی تایەو پاتریی و شوشەو بۆیەو بەدەیان پێویستیەکانی تری ئۆتومبیل بۆ دروستکردنی وەیا پاڵاوگەیەك کە بتوانێت نەوت وبەنزین وڕۆن مسۆگەر بکات بۆ کوردستان بۆ ئیکتفای زاتی ، تا وەك ئەمڕۆ شوفێرتوشی ئەم تەنگوچەڵـمەیە نەبیت ، تا ئەم دۆلارانە بەفیرۆ نەڕواتەدەرەوەی وڵات ،هەر بیر لـەوەرگرتنی باجی سەرسنور کرابۆوە بۆ هەر ئۆتومبیلـێکی کۆن چەن سەد دولارێك وەربگرن وا ئەمڕۆ بەقەدەر ئەو باجەی وەرگیراوە پارە بەپۆلـیس و بە خزمەتگوزاریەکانی بوونی ئەم ئۆتومبیلانە ئەدەن و ناگەنە ئەنجامی بەربەستکرنی ئاسەواری نێگەتیڤی ئەو ژمارەزۆرەی ئۆتومبیلانە . لـە ساڵانی چلـەکاندا

کۆڵانەکانی ناوشاری سلیمانی هەر ئەم کۆلان و شەقامانەی ئێستابوون مەگەر چەند گۆڕانکاریەکی کەمی تیادا کرابێت ، ئەوسا ئۆتومبیلەکانی سلێمانی بەپەنجەی دەست ئەژمێردران  برێتی بوون لە ئۆتومبیلی قونسڵی بەریتانیی و بەڕەحمەتبن شێخ لەتیفی حەفیدو قادراغای حاجی مەلا سەعی و تۆفیق قەزاز و موتەسەرف وگەرەبێت و چەند ئۆتومبیلێکی ترهەبوون وا ئەمڕۆ هەرئەو کۆڵان و شەقامانەن وا هەزاران ئۆتومبیل ڕێچکەیان تیا بەستوە ، پەنگخواردنەوەی ئۆتومبیل لە شەقامەکاندا بەو زۆریە شوفێری توشی نەخۆشی دەرونی کردوە ، گلەیی وگازندەیان لە ڕێگەی هۆڕنەوە دەر ئەبڕن ئەمەش لەخۆیدا دیاردەیەکی شارستانێتی نیە. پابەندبوونی شوفێرو هاووڵاتیان بە یاسای هاتوچۆوە زۆر لاوازەو یاسای هاتوچۆش کاریگەریەکی ئەوتۆی نیە لە سەر شوفێرو هاووڵاتیان بەڵکو شوفێر خۆی بڕیاردەرە بە چ ڕێژەیەك لێبخوڕیێ و ڕەفتار بکات ، ڕێزو خۆشەویستی وهاوکاری لە نێوان پۆلیسی هاتوچۆو شوفیر وەك پێویست بەدی ناکرێت بەڵکو وەك نێوان مشك و پشیلەی لێهاتوە ، بەڕێوەچوونی مامەڵەی ئۆتۆمبیل لە ئیدارەی پۆلیسی هاتوچۆدا  گەلێ زەحمەت بوە و پێویستی بە کار ئاسانی هەیە.

**بۆچوون و پێشنیار**

* ڕاگرتنیهاتنی هەموو جۆرە ئۆتومبیلێك لەدەرەوەی وڵات و ڕاگرتنی ئۆنومبیلی کۆن.

*بایەخدان بە بەرزکردنەوەی پلەی زانیاری ئەفسەرو پۆلیسی هاتو چۆ بە کردنەوەی خولی بەردەوام و بەناردنیان بۆ دەرەوەی وڵات وەك پراکتیك بۆ شارەزاییان لە تەکنیکی نوێی هاتوچۆ و چۆنێتی کۆنترۆڵ کردنی ڕێگاوبان .

* زیادکرنی موچەیان و زیادکردنی پێویستیەکانی هاتوچۆ وەك ترافیکلایتو زیادکردنی ئیشارەتەکان و دانانینەخشەی هێڵی سپی لەسەر شەقام وڕێگاکانی نێوان شارو شارۆچکەکاندا تاوەکو شوفێر هێڵی ڕۆیشتنیخۆی بزانێت .

* دانانی بەرنامەی پرۆگرامی تایەبەت سەبارەت بە زانیاری لەسەر یاسای هاتوچۆو لێدوان لەسەر کارەساتی ڕۆژانە لەکەناڵەکانی ئاسمانیی و ڕۆژنامەو ڕادیوکانەوە .

*دروستکردنیتونێل بۆهاتوچۆ بەتایەبەتی لەشاری سلێمانیی ودهۆك وەك پرۆژەیەکیدورخایەن.

*دانانی سستمی کەمپیوتر لە تەواوی ئیدارەکانی هاتوچۆدا لە شارو شارۆچکەکاندا بە ڕێژەیەکی پێویست بۆ کارئاسانی کاری هاووڵاتیان لەمامەلەی کڕین فۆشتنی ئۆتومبیلدا .

* بێجیاوازی پلەوپایەیی کۆمەڵایتیی وسیاسیی و ئیداری واتا ئەوەی دەستی بە سوکانەوەگرت وەك ئەرك مەرجە ڕێز لە قودسیەتی یاسایی پۆلیسی هاتوچۆ بگیرێت .

*شوفێر بۆی نەبێت مەست بێت وئۆتومبیل لێبخورێت.

* بایەخدان بە کورسی مندال وخۆبەستنەوە لەناو ئۆتومبیلدامەرجێکی زەروریەو نابێت چاوی لێنەپۆشرێ

* ئەشێ حكومەتی هەرێم بۆ چاكسازی كێشەی شەپۆلی ئەم ئۆتومبیلـەزۆرە كە هەموكوردستانی گرتۆتەوە بوجەیەكی گونجاو دیاری بكات كە لـە ئاستی كێشەكەدابێت و لـە بیركردنە وەیەكی جددیدا بێت بۆ نوێكردنە وەی یاسایەكیگونجاو بە سود وەرگرتن لـە یاسای هاتوچۆی وڵاتە پێشكەوتوەكان.

* هەندێ ئەركی سەندیكای كرێكارانی گواستنەوە هەیە هاوسەنگە لـە گەڵ كارمەندانی پۆلـیسی هاتوچۆ لـە كوردستاندا زۆرینەی گرفتەكانی نێوان پۆلـیس و شوفێر بەهاوكاری هەردوولا باشتر سەقامگێر ئەبێت ، سەندیكای هاتوچۆ وەك پێویست ئەبێت لـە ئاستی بەرپرسیاریدابێت بۆ بەپیرەوەچوونی گرفتەكانی ئەندامە كانیان بەتایبەتی شوفێرەكانی هێڵـی هاتوچۆی نێوان شارەكان ، هەروەها ئەركی سەندیكایە داوابكات ڕێگای كركوك و هەولـێر ، نێوان دهۆك زاخۆ چەندین ڕێگاو بانی تر هەیە بكرێتە دوو سایت وبایەخ بە قیرتاوكردنی بدرێت . بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەكانی شوفێر پێوستە سەندیكا هاوكار بێت بۆ ڕاگرتنی توندو تیژی لـە لایەن پۆلـیسی هاتوچۆوە بۆسەر شوفێرەكان بەتایبەتی شوفێری تاكسی و هێڵـەكانی نێوان شارەكان.

* شارەوانیەكانیش بەرپرسن لـەچارەسەركردنی ئەو گرفتانەی لـە ئەنجامی بوونی ئۆتومبیلـێكی وا زۆرلـەشارو شارۆچكەكاندا هەیە بۆ دابین كردنی نەخشەو پلانی گونجاو بۆ كەم كردنەوەی موعاناتی شوفیرو جەماوەر ، پێویستی بەدیاریكرنی جێگاو شوێنی جۆراو جۆرهەیە بۆ ڕاگرتنی ئۆتومبیل ، ئەگەر بڕوانیتە شارەكانی كوردستان هەست ئەكەیت سیمای شاری پێوە نەماوە بونەتە گەراجێكی گەورەو فراوانی بێسەروبەر ، پاراستنی ژینگەو ئارامی هاو وڵاتیان و چاودێری خاوێنی جێگاو شوێنی فیتەرەكانیش ئەركی سەرەكی شارەوانیەكانە ، ئەگەر هەر شوفێرێك بیەوێت لـەهەر هەركۆڵان وكوچەیەكدا ڕۆنی ئۆتومبیلـەكەی بگۆڕێت و تەعمیراتی بكات وەك ئەوە وایە قەسابێك لـەدەرەوەی قەسابخانە ئاژەل سەربڕێ ڕەفتاری هەردوولایان زیان بە ژینگە ئەگەیەنێت و دیمەنی شارەكەش تێك ئەدات .

2006/12/13

قادر ڕەشید